رووماڵێکی تایبەت لەسەر وەرزی ئەمساڵی خولی نایابی فاست لینکی کوردستان

# هەولێر بۆ جاری سێیەم لە مێژووی خۆیدا بووە پاڵەوانی کوردستان



**هەفتەی رابردوو لە یاریگەی شەهید فرەنسۆ هەریری لە شاری هەولێر دەیەم وەرزی خولی نایابی فاست لینکی کوردستان کۆتاییهات، کە ئەم وەرزە لە هەموو روویەکەوە جیاواز بوو لە ساڵانی رابردوو، لە رووی رێکخستن و یاریگا و بایەخپێدان و ئامادەبوونی هاندەران، لە کەرنەڤاڵێکی قەشەنگدا دواجار هەولێر نازناوی خولەکەی بە دەستهێنا دوای ئەوەی لە چوار گۆشەی زێڕین بە کۆکردنەوەی ١١ خاڵ لە پلەی یەکەم هات.**

ئا: رێبین رەمزی

فۆتۆ: سەبور






## یاری یەکلاکەرەوە

لە یاریگەی شەهید فرەنسۆ هەریری و بە ئامادەبوونی زیاتر لە ١٥ هەزار هاندەر دوایین یاری وەرزی ئەمساڵی خولی نایابی فاست لینکی کوردستان لە نێوان هەردوو یانەی هەولێر و پێشمەرگەی هەولێر ئەنجامدرا، کە لەم یارییەدا چارەنووسی پاڵەوان دیاری دەکرا. هەولێرییەکان پێویستیان بە بردنەوە هەبوو بۆ ئەوەی ببنە پاڵەوان و یانەی پێشمەرگەی هەولێر پێویستی بە یەکسانبوون و بردنەوە هەبوو تاوەکو ببێتە پاڵەوان، هەر لە سەرەتاوە یارییەکە بەهێز بوو لە نێوان هەردوو یانە تا لە کۆتاییدا یانەی هەولێر توانی یارییەکە بە ئەنجامی (٢-١)گۆڵ لە یانەی پێشمەرگەی هەولێر بباتەوە. گۆڵەکانی یانەی هەولێر لە ڕێگەی یاریزانان (فەرحان شکور، نەدیم کەریم) تۆمارکران و تاکە گۆڵی یانەی پێشمەرگەی هەولێر لە ڕێگەی یاریزانی پیشەگەری سووری (عەبدوڵلا عەلی)تۆمار کرا.



## هۆکاری گریانەکەی سەمیر بابۆ

دوای تەواوبوونی یاری یەکلاکەرەوەی نێوان هەردوو یانەی هەولێر و پێشمەرگەی هەولێر، یاریزانان و ستافی ڕاهێنەرانی یانەی هەولێر خەریکی ئاهەنگگێڕان بوون بە بۆنەی بە دەستهێنانی نازناوی خولەکە، بەڵام ئەوەی سەرنجی هەموو لایەکی بۆ خۆی ڕاکێشا، دوای بەدواداچوونێك هۆکاری گریانەکەی سەمیر بابۆ-ی ڕاهێنەر بۆ نازناو نەبوو، بەڵکو بۆ ماڵئاواییکردنی میران کەریم-ی یاریزانی تیپەکەی بوو، کاتێك سەمیر بابۆ یاریزانی تیپەکەی میران کەریم-ی لە باوەش کرد هەردووکیان بە فرمێسکەوە ماڵئاواییان لە یەکتری کرد، هەر لەگەڵ دابەشکردنی خەڵاتەکان سەمیر بابۆ-ی ڕاهێنەر بەوپەڕی گیانی وەرزشی چووە ژووری خۆگۆڕینی یاریزانانی یانەی هەولێر پیرۆزبایی لە یەکە یەکەی یاریزانان و دەستەی ڕاهێنەرانی یانەی هەولێر کرد.

## هەواڵێکی چاوەڕواننەکراو بۆ یاریزانێکی پێشمەرگەی هەولێر

پێش دەستپێکردنی یارییەکەی هەولێر و پێشمەرگەی هەولێر، هەموو چاودێران چاوەڕوانی ئەوەیان دەکرد گۆڵپارێزی یانەی پێشمەرگەی هەولێر ئەحمەد بەشار وەکو یاریزانێکی سەرەکی یاری بکات، چونکە کاوە حەسۆی گۆڵپارێز پێکانێکی سووکی هەبوو، بەڵام پێش دەستپێکردنی یارییەکە بە یەك کاتژمێر هەواڵێکی چاوەڕواننەکراو گەیشتە شاندی پێشمەرگەی هەولێر، ئەویش کۆچی دوایی باوکی گۆڵپارێز (ئەحمەد بەشار) بوو کە ئەم هەواڵە دڵگرانییی زۆری خستە نێو یاریزانان و دەستەی ڕاهێنەران.

## یوسف کاکێ مێژووی بۆ خۆی تۆمارکرد

ڕاهێنەری یانەی هەولێر یوسف کاکێ ڕاهێنەری تیپەکانی تازەپێگەیشتووان و لاوانی هەولێر بوو و توانی لەگەڵ ئەم تیپانە چەندین نازناو بەدەستبهێنێت، لەم وەرزە بە بڕیاری دەستەی کارگێڕی یانەکە، یوسف کاکێ بووە ڕاهێنەری یانەی هەولێر و توانی لە یەك وەرز کارکردن لە خولی نایاب ببێتە پاڵەوانی خولەکە، ئەمەش خۆی لە خۆیدا دەستکەوتێکی مەزنە بۆ خودی ڕاهێنەر، کە سەرکەوتنی بەسەر چەندین ڕاهێنەری گەورە و بەئەزموندا بەدەستهێنا.

## پێشمەرگەی هەولێر مێژووی بۆ خۆی تۆمارکرد

هەرچەندە لە دوای تەواوبوونی یارییەکەی هەولێر و پێشمەرگەی هەولێر، یاریزانانی یانەی پێشمەرگەی هەولێر بە گریانەوە گەڕانەوە ژووری خۆگۆڕین و دڵتەنگییان پێوە دیاربوو و دەستەی کارگێڕی یانەکە دڵنەوایی یاریزانەکانی دەداوە، بەڵام ئەم وەرزە مێژووی بوو بۆ یانەی پێشمەرگەی هەولێر تۆمار کرد، چونکە بۆ یەکەم جار لە مێژووی خۆیدا توانی پلەی دووەم لە خولی نایابی کوردستان بەدەستبهێنێت.

## خانەوادەکان جوانی یاریگا بوون

ئەوەی جیاواز بوو لەم یارییە و سەرنجی هەمووانی بۆ خۆی ڕاکێشا، ئامادەبوونی ژمارەیەکی یەکجار زۆری ئافرەت و خانەوادە بوو لە نێو یاریگا، بەتایبەتی خانەوادەی یاریزانان و دەستەی ڕاهێنەرانی هەردوو یانە، کە جوانییەکی تایبەتی بە یاریگا بەخشیبوو، بەتایبەتی کچ و کوڕەکانی یاریزانان، کە هەریەکەو بە درێسی یانەکەی لە نێو یاریگا ئامادەبوون و ئاهەنگیان دەگێڕا، دوای تەواوبوونی یارییەکەش خانەوادەکان لەگەڵ یاریزانەکان ئاهەنگی سەرکەوتنیان دەگێڕا و ئەوانی دیکەش دڵتەنگ بوون، بە شێوەیەکی گشتی لە مێژووی خولی نایابی کوردستان بەمشێوەیە خانەوادە لە نێو یاریگا ئامادە نەبوون.

## جەماوەر یاریزانی ١٢ بوون

بۆ یەکەم جار لە مێژووی خولی نایابی کوردستان لە یەك یاری زیاتر لە ١٥ هەزار هاندەر ئامادە بێت، ئەمەش لە یاری هەولێر و پێشمەرگەی هەولێر ڕوویدا، ئەوەی زیاتر جێگەی سەرنج بوو، هاندەران بەشێوازی خۆیان







هانی تیپەکەیان دەدا و بە دروشمی جیاواز پاڵپشتی خۆیان دووپات دەکردووە، بەڵام دوو دروشم سەرنجی هەمووانی بۆ خۆی راکێشا، کە یەکێکیان دەڵێت: (بای بای سایکس پیکۆ ) وەکو ئاماژەیەك بە تەواوبوونی رێککەوتنامەی سایکس پیکۆ و دروستبوونی دەڵەوتی کوردستان، دروشمی دووەمیش دەڵێت: (ئێمە هەموومان پێشمەرگەین، تەنیا هاندەری هەولێرین. بژی کورد، بژی پێشمەرگە، بژی سەرۆك بارزانی ). لەگەڵ بوونی چەندین دروشمی جوان و هەروەها لە سەرەتای یارییەکە تا تەواوبوونی هاندەران هیچ ئاژاوەیەکیان لە نێو یاریگا ئەنجامنەدا.

## لەبیب حەبیب وازی هێنا

ناوبژیوانی دیاری کوردستان و شاری کەرکووك لەبیب حەبیب، دوای تەواوبوونی یارییەکەی هەولێر و پێشمەرگەی هەولێر وازهێنانی خۆی لە کاری ناوبژیوانی راگەیاند، دوای تەمەنێکی زۆر لە ناوبژیوانیکردنی لە خولەکانی کوردستان و عێراق.

سەرچاوەیەکی نزیك لە ناوبژیوان لەبیب حەبیب دووپاتی کردەوە کە یاری نێوان هەردوو یانەی هەولێر و پێشمەرگەی هەولێر دوایین یاری بوو بۆ ناوبراو و چاوەڕوان دەکرێت دوای تەواوبوونی دووەمین پاڵەوانێتی کۆنیفا، کە لە هەرێمی ئەبخازیا ئەنجام دەدرێت و لەبیب حەبیب وەکو ناوبژیوانی ناوەڕاست لەم پاڵەوانێتیە بەشدار دەبێت، بەشێوەیەکی فەرمی وازهێنانی خۆی لە کاری ناوبژیوانی رابگەینێت.

## باشترینەکانی وەرز

یەکێتی تۆپی پێی کوردستان دوای هەژمارکردنی دەنگی رۆژنامەنووسانی وەرزشی بەشداربوو لە رووماڵکردنی یارییەکانی ئەم وەرزە، باشترینەکانی خولی نایابی فاست لینکی کوردستانی دەستنیشان کرد. پێش راگەیاندنی باشترینەکان یەکێتی تۆپی پێی کوردستان بڕیاری دابوو، هەر کەسێك لە باشترینەکان دەستنیشان بکرێت، ئەوە راستەوخۆ بانگهێشتی هەڵبژاردەی کوردستان دەکرێت و لە دووەمین پاڵەوانێتی کۆنیفا کە لە هەرێمی ئەبخازیا رووسیا ئەنجام دەدرێت، بەشداری دەکەن، باشترینەکانی ئەم وەرزەش بەمشێوەیە بوون:

١- یاریزانی یانەی ئارارات، عەلی عەزیز بە باشترین یاریزانی خولەکە دەستنیشانکرا، دوای ئەوەی توانی لەم وەرزە ئاستێکی نایاب پێشکەش بکات و بووە جێگەی سەرنجی ئامادەبووان، توانی هەشت گۆڵ تۆمار بکات و تیپەکەی تا دواساتەکان لە رکابەری سەرکەوتن بۆ چوار گۆشەی زێڕین بەردەوام بکات.

٢- گۆڵپارێزی یانەی هەولێر رێباز عەبدوڵڵا بە باشترین گۆڵپارێزی خولەکە دەستنیشان کرا، کە لەم وەرزدا چاودێرانی خولی نایابی فاست لینکی کوردستان دەستخۆشییان لە ئاستە بەرزەکەی دەکرد و لە سەرەتای خولەکە تا کۆتایی بە یەك ئاست یاری کرد و یارمەتیدەرێکی باشی تیپەکەی بوو بۆ بەدەستهێنانی نازناوی خولەکە. رێباز عەبدوڵڵا لەم وەرزە

تەنیا ١٩ گۆڵی لێ تۆمارکراوە.

٣- یاریزانی یانەی هەولێر فەرحان شکور بووە گۆڵکاری خولەکە بە تۆمارکردنی (١٠)گۆڵ، لەم وەرزە فەرحان شکور ئاستێکی ناوازەی پێشکەش کرد و لە زۆربەی یارییەکان بە گۆڵەکانی ئەنجامی یاری یەکلادەکردەوە، گۆڵەکانی فەرحان شکور لەم وەرزە بەمشێوەیە بوون:

١- یانەی زاخۆ ٤ گۆڵی لێ تۆمارکردووە.
٢- یانەی شێروانە ٣ گۆڵی لێ تۆمارکردووە.
٣- یانەی کەرکووک یەك گۆڵی لێ تۆمارکردووە.
٤- یانەی زێرەڤانی یەك گۆڵی لێ تۆمارکردووە.
٥- یانەی پێشمەرگەی هەولێر یەك گۆڵی لێ تۆمارکردووە.

لە کۆی ئەم دە گۆڵە تەنیا دوو گۆڵ بە لێدانی سزا تۆمارکردووە ئەویش هەردووکیان بەرانبەر یانەی زاخۆ بوو.



**ئامارەکانی خولی نایابی فاست لینکی کوردستان وەرزی ٢٠١٥-٢٠١٦**

ئامارەکانی ئەم وەرزی خولی نایابی فاست لینکی کوردستان بەمێشوەیە.

- وەرزی ئەمساڵ ١٣ یانە بەشداربوون، کە بەسەر دوو کۆمەڵەدا دابەشکران.
کۆمەڵەی یەکەم ٧ یانە
کۆمەڵەی دووەم ٦ یانە
- ٨٤ یاری ئەنجامدراوە، ٧٢ یاری لە قۆناغی کۆمەڵەکان و ١٢ یاریش لە قۆناغی کۆتایی.
- ١٧٥ گۆڵ تۆمارکراوە، بە جۆرێك ١٥١ گۆڵ لە قۆناغی کۆمەڵەکان و ٢٤ گۆڵیش لە قۆناغی کۆتایی.
- ٣ گۆڵ بە هەڵە تۆمارکراوە و ٣ گۆڵیش بە ناوی هیچ یاریزانێکەوە تۆمارنەکراوە.
- ڕێژەی گۆڵ بۆ هەر یارییەك ٢,٨ گۆڵە.
- لەم وەرزەدا تاکو ئێستا ٨٢ یاریزان گۆڵیان تۆمارکردووە و ئەوەی جێی سەرنجە یانەی سۆلاف هیچ سەرکەوتنێکی تۆمارنەکرد.
-باشترین و خراپترین لە رووی ژمارەی گۆڵەوە، بەمشێوەیە بوو:

یانەی هەولێر بەهێزترین هێڵی هێرشبەرە بە تۆمارکردنی (٣٢) گۆڵ.

یانەی سۆلاف لاوازترین هێڵی هێرشبەر بە تۆمارکردنی (٢) گۆڵ.

یانەی نەورۆز بەهێزترین هێڵی بەرگری هەیە و تەنیا (٧) گۆڵی لێکراوە.

یانەی زێرەڤانی لاوازترین هێڵی بەرگری هەیە (٢١) گۆڵی لێکراوە.

- کارتە رەنگاورەنگەکان: لە یارییەکان ناوبژیوانان (٢٤٧)کارتی زەرد و (٢١)کارتی سووریان رووبەڕووی یاریزانان بەرزکردەوە.

**ئامارە مێژووییەکانی خولەکانی کوردستان**

ژمارە و ئامارە مێژووییەکانی خولەکانی کوردستان بەمشێوەیە:



- یانەی هەولێر بۆ سێیەم جار نازناوی خولی نایابی کوردستانی بە دەستهێنا، بەم نازناوە یانەی هەولێر ژمارەی نازناوەکانی لەگەڵ یانەی زێرەڤانی یەکسان کردووە، کە تەنیا ئەم دوو یانە توانییان لە مێژووی خۆلەکەدا سێ نازناو بە دەستبهێنن.

- یوسف کاکێ توانی لە یەکەم ئەرکی وەکو راهێنەر لەسەر ئاستی خولی نایاب نازناوی خولەکە بە دەستبهێنێت.

- دیار رەحمان تاکە یاریزانە لە مێژووی خولی نایاب بتوانێت لە ماوەی ١٠ساڵی خولی نایابی کوردستان، ٥ جار نازناوەکە بە دەستبهێنێت بەمشێوەی خوارەوە.

١- وەرزی ٢٠٠٧-٢٠٠٨ یانەی بروسك
٢- وەرزی ٢٠٠٨-٢٠٠٩ یانەی بروسك
٣- وەرزی ٢٠٠٩-٢٠١٠ یانەی هەولێر
٤- وەرزی ٢٠١١-٢٠١٢ یانەی هەولێر
٥- وەرزی ٢٠١٥-٢٠١٦ یانەی هەولێر

ئەمەش ژمارەیەکی پێوانەییە بۆ یاریزان دیار رەحمان هەژمار دەکرێت

- یاریزان فەرحان شکور تاکە یاریزانە لە مێژووی خولەکە دوو جار ببێتە گۆڵکاری خولەکانی کوردستان کاتێك لە وەرزی (٢٠١١-٢٠١٢) بە تۆمارکردنی (١٢) گۆڵ بووە گۆڵکار و لە وەرزی (٢٠١٥-٢٠١٦) بەتۆمارکردنی (١٠) گۆڵ بووە گۆڵکار.

- گۆڵپارێزی بروسك غەفور عوسمان تاکە گۆڵپارێزە لە مێژووی خولەکە، کە بتوانێت (٤) جار بە باشترین گۆڵپارێز لە مێژووی خولەکە دەستنیشان بکرێت، کاتێك لە وەرزەکانی (٢٠٠٦-٢٠٠٧)، (٢٠٠٧-٢٠٠٨)، (٢٠٠٨-٢٠٠٩)، (٢٠٠٩-٢٠١٠) بە باشترین گۆڵپارێز دەستنیشان کرا.



- لە مێژووی خولی نایابی کوردستان یەکەم جارە رووماڵی کردنی خولەکە بەمشێوەیە فراوانە بێت، کە زیاتر لە ٣٠ کەناڵی تەلەڤزیۆنی کوردی و عەرەبی و زیاتر لە ٣٠ فۆتۆگرافەری وەرزشی لە گشت شارەکانی کوردستان و زیاتر لە ٥٠ رۆژنامەنووسی وەرزشی لە نێو یاریگا ئامادەبوون بۆ رووماڵکردنی یاری یەکلاکەرەوە و هەروەها هەندێك کەناڵی ئاسمانی لە ماوەی ٢٠ کاتژمێر بەشێوەیەکی راستەوخۆ یارییەکە و رووداوەکان و خوشی و ناخۆشیەکانی رووماڵ دەکرد.

- سەمیر بابۆ تاکە راهێنەرە لەسەر ئاستی کوردستان، کە چوار جار پلەی دووەمی خولەکەی بە دەستهێناوە لە وەرزەکانی (٢٠١٠-٢٠١١)، (٢٠١٢-٢٠١٣)، (٢٠١٣-٢٠١٤) لەگەڵ یانەی هەولێر و وەرزی (٢٠١٥-٢٠١٦) لەگەڵ یانەی پێشمەرگەی هەولێر، وهەروەها ٢ نازناوی خولی نایابی کوردستان بە دەستهێناوە لەگەڵ یانەی هەولێر لە وەرزەکانی (٢٠٠٩-٢٠١٠)،(٢٠١١-٢٠١٢).

- سلێمان رەمەزان تاکە راهێنەرە، کە توانێتی سێ وەرز لەسەر یەکدی نازناوی خولی نایابی کوردستان لەگەڵ یانەی زێرەڤانی بە دەستبهێنێت، دوای ئەوەی لە وەرزەکانی (٢٠١٢-٢٠١٣)، (٢٠١٣-٢٠١٤)، (٢٠١٤-٢٠١٥) بووە پاڵەوان.



- عەلی عەزیز تاکە یاریزانە لە مێژووی خولەکانی کوردستان دوو جار بە باشترین یاریزان دەستنیشان دەکرێت، ئەوەیش لە وەرزکانی (٢٠١٣-٢٠١٤)، (٢٠١٥-٢٠١٦).

- یانەی سۆلاڤ تاکە یانەیە لە مێژووی خولەکە ماڵئاوایی لە خولی نایاب بکات بە بێ ئەوەی یەك سەرکەوتن تۆمار بکات ئەوەیش لە وەرزی (٢٠١٥-٢٠١٦) بوو.

- یانەی هەولێر تاکە یانەیە لە مێژووی خولەکە، نازناوی خولی کوردستان بە دەستبهێنێت و تەنیا لە یەك یاری تووشی دۆران بێت ئەوەیش لە وەرزی (٢٠١٥-٢٠١٦) بوو.

## سپۆنسەری خولی نایاب

پێش دەستپێکردنی وەرزی ئەمساڵی خولەکە، یەکێتی تۆپی پێی کوردستان و یانەکان لە قەیرانێکی گەورەدا بوون، بەهۆی نەبوونی خەرجی خولەکە، بۆیە یەکێتی تۆپی پێی کوردستان هەوڵێکی زۆری دا بۆ دابینکردنی خەرجی دارایی خولەکە دوای ماندووبوونێکی زۆر تواندرا لەگەڵ کۆمپانیای فاست لینك رێککەوتن، کە کۆمپانیای ناوبراو ببێتە سپۆنسەری خولەکە و ناوی خولەکەش بووە: (خولی نایابی فاست لینکی کوردستان)، ئەمە یەکەم جارە لە مێژووی کوردستان کۆمپانیایەك ببێتە سپۆنسەری خولی تۆپی پێ.

لەسەرەتای خولەکە تا کۆتایی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان بە سەرۆك و ئەندامانیەوە هەردەم لە یاریگاکان ئامادەبوون بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکان، بە پێی هەموو چاودێرانی بواری تۆپی پێی وەرزی ئەمساڵی خولی نایابی فاست لینکی کوردستان باشترین وەرز بوو لە رووی رێکخستن و بوونی یاریگای گونجاو بۆ یارییەکان و کەمی کێشە و گرفت و روونەدانی کاری نەخوازراو، کە کاریگەری لەسەر نەمانی خولەکە بکات، بۆیە جێگەی خۆیەتی دەستخۆشی لە یەکێتی تۆپی پێی کوردستان بکەین بۆ ئەم وەرزە نایابە، کە پێشکەشی هاندەران و دەزگا راگەیاندنەکان کرا.

## مێژووی پاڵەوانەکانی خولەکانی کوردستان

یەکەم وەرزی خولی نایابی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٦-٢٠٠٧ دەستی پێکرد و دهۆك بووە یەکەم پاڵەوانی خولەکە، پاڵەوانانی خولەکە بەمشێوەیە:

- وەرزی ٢٠٠٦-٢٠٠٧: یانەی دهۆك
- وەرزی ٢٠٠٧-٢٠٠٨: یانەی بروسك



- وەرزی ٢٠٠٨-٢٠٠٩: یانەی بروسك
- وەرزی ٢٠٠٩-٢٠١٠: یانەی هەولێر
- وەرزی ٢٠١٠-٢٠١١: یانەی هەندرێن
- وەرزی ٢٠١١-٢٠١٢: یانەی هەولێر
- وەرزی ٢٠١٢-٢٠١٣: یانەی زێرەڤانی
- وەرزی ٢٠١٣-٢٠١٤: یانەی زێرەڤانی
- وەرزی ٢٠١٤-٢٠١٥: یانەی زەیرەڤانی
- وەرزی ٢٠١٥-٢٠١٦: یانەی هەولێر

ریزبەندی کۆتایی چوارگۆشەی زێرینی خولی نایابی فاست لینکی کوردستان بەمشێوەیە بوو:

| ر | یانەکان | یاری | بردنەوە | یەکسانبوون | دۆڕان | گۆڵکردن | گۆڵێکراو | خاڵ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | هەولێر | ٦ | ٣ | ٢ | ١ | ١٠ | ٧ | ١١ |
| ٢ | پ.هەولێر | ٦ | ٢ | ٣ | ١ | ٧ | ٦ | ٨ |
| ٣ | دهۆك | ٦ | ١ | ٣ | ٢ | ٤ | ٥ | ٦ |
| ٤ | زاخۆ | ٦ | ١ | ٢ | ٣ | ٣ | ٦ | ٥ |

